

سارا عەبدولواحید
یاریزانی تۆپی دەستی
ئەفرۆدێت:

# هیوای گەورەم ئەوەیە بۆ هەڵبژاردەی کوردستان یاری بکەم

کارزان کانەبی

یانەی وەرزشیی ئەفرۆدێت یەکێکە لەو یانانەی کە تایبەتە بە یارییەکانی ئافرەتان لە شاری سلێمانی و تیپی تۆپی دەستی یانەکەش یەکێک لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستە و کچە یاریزانانی بەتوانایە، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان سارا عەبدولواحیدە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی شاری سلێمانی و قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی سلێمانی، ئەو یاریزانە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی لە هەردوو خولی نایابی تۆپی دەستی کوردستان و عێراق و بە ئاستە بەرزەکەی هەموولایەکی سەرسام کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

*** ئاستی یاری تۆپی دەست لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

- ئاستی یارییەکە تا رادەیەك خراپ نییە، بەڵام پێویستی بە بەرەوپێشچوونی زیاتر هەیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانییەتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- بە ئەندازەیەکی زۆر لایەنی سلبی هەیە لەسەر یارییەکە و دەبێتە هۆی ساردبوونەوەی یاریزانان و لاوازبوونی یارییەکە، ئەوەش پێویستە چارەسەر بکرێت و بایەخی زیاتر بەو وەرزشە بدەن.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تۆپی دەستی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

-پێویستە بە بەردەوامی خول و پاڵەوانیەتی بکرێتەوە، جگە لەوەش کردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان لە شارەکانی کوردستان و رێگەدانی خێزانەکان بە رۆڵەکانیان بۆ وەرزشکردن و ئاسانکاری یانەکان و هاندانیان.

*** گرفتی یارییەکانی تۆپی دەستی لە چیدا دەبینی؟**

-کەمی تیپی تۆپی دەست و رێکنەخستنی پاڵەوانیەتی و نەبوونی هۆڵی داخراو و مەرج و ژینگەی گونجاو ئەوانە هەمووی هۆکارن کەوا ببێتە گرفت بۆ یارییەکە.

*** وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتووی خۆت بەنیازی چیت؟**

-بەردەوامبوونم لە وەرزشکردن و خزمەتکردنی وەرزش لە شاری سلێمانی.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-ئەگەر ئاستی یاریزانەکانی کوردستان بەرز بێت و بتوانن ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنن، نەخێر.

*** لە خێزانەکەت بە تەنیا وەرزشکاری؟**

-نەخێر، باوکیشم یاریزانی باڵە بووە لە ئاستی هەڵبژاردەی عێراق یاری کردووە، براکەشم یاریزانی یاری باسکەیە.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-گرنگیدانی زیاتر بە یاری تۆپی دەست و رێکخستنی چالاکی و پاڵەوانیەتیی بەردەوام، بۆ ئەوەی وەرزشی تۆپی دەستیش هیچی لە یارییەکانی تر کەمتر نەبێت.

*** دامەزراندنی هەڵبژاردەی کوردستان بۆتۆ چی دەگەیەنێت؟**

- ئەوە هیوای گەورەمە رۆژێك لە رۆژان هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و منیش یەکێك بم لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- بە یاریزانی بەتوانا نیکۆل ئاکاراباتیك
nikola karabatic

*** ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ خزمەتکردنی وەرزشکاران بەگشتی سوپاس بۆ ئەو کەسانەی کە بەردەوام هاوکارمانن لە وەرزشکردن.



# دی رۆسی کاتی وازهێنانی لە یاریکردنی نێودەوڵەتی ئاشکرا کرد

دانێلی دی رۆسی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا کاتی وازهێنانی لە یاریکردنی نێودەوڵەتی ئاشکرا کرد .

دی رۆسی ئەستێرەکەی یانەی رۆما لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەییدا و لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی کاتی وازهێنانی لە یاریی نێودەوڵەتی گوتی: دوابەدوای کۆتاییهاتنی یاریەکانی مۆندیالی ٢٠١٨ی رووسیا بەشێوەیەکی یەکجاری واز لە یاریی نێودەوڵەتی دەهێنم و ئەو مۆندیالەش دەبێتە دوایین پاڵەوانێتی، کە لەگەڵ ئاتزۆریدا بەشداری بکەم.




# پاولۆتێلی چووە خولی ئەڵمانی

ماریۆ بالۆتێلی ئیتاڵی یانەی نیسی فەڕەنسی جێهێشت و وەرزی داهاتوو بە درێسی یانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی یاری دەکات.

لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەی بیڵدی ئەڵمانی و لەبارەی ئەگەری یاریکردنی بالۆتێلی لە دۆرتمۆند مینۆ رایۆلای بەڕێوەبەری کارەکانی بالۆتێلی گوتی: بەڵێ، وەرزی داهاتوو بالۆتێلی لە بروسیا دۆرتمۆند یاری دەکات.

پێشتر راپۆرتەکانی هەواڵ بڵاویان کردبووەوە کە هەریەکە لە یانەکانی بروسیا دۆرتمۆند و مارسیلیا و فەنەرباخچە دەیانەوێت گرێبەست لەگەڵ بالۆتێلی تەمەن ٢٧ساڵدا ئەنجام بدەن.

بالۆتێلی لەوەرزی رابردوودا لەگەڵ یانەی نیس ئاستی بەرزی پێشکەشکردو لە ٢٨ یاری ١٧ گۆڵی تۆمارکرد.

جێگەی باسە تا ئێستا یانەی بروسیا دۆرتمۆند بەفەرمی ئەم هەواڵەی پشتڕاست نەکردووتەوە.

# پیپی ماڵئاوایی لە یانەی ریال مەدرید کرد

کلیپەر پیپی پورتوگالی و بەرگریکاری یانەی ریاڵ مەدرید بەشێوەیەکی فەرمی جێهێشتنی ریزی یانەی ریال مەدریدی بۆ وەرزی داهاتوو راگەیاند.

پیپی پورتوگالی ماوەی گرێبەستی لەگەڵ یانەی ریاڵ مەدرید لە کۆتایی ئەم مانگەدا تەواو دەبێت و بەرپرسانی یانەی مەدرید تەنیا بۆ ماوەی یەك وەرز پێشنیاری نوێکردنەوەی گرێبەستی پیپییان کردبوو، بەڵام پیپی رەتیکردووەتەوە بۆ یەك وەرز گرێبەست لەگەڵ ریال مەدرید مۆربکات .


ئەو یاریزانە تەمەن ٣٤ ساڵە لە لێدوانێکی رۆژنامەییدا بۆ رادیۆی کادینا کوبی ئیسپانی گوتی: ماوەی ١٠ ساڵە لە یانەی ریاڵ مەدرید یاری دەکەم و لەگەڵ ئەو یانەیەدا ئایندەم تەواو بووە و ناتوانم بەردەوام بم.

لە کۆتایی قسەکانیدا ناوبراو باسی لەوە کرد، کە تائێستا لەگەڵ هیچ یانەیەکدا رێك نەکەوتووە بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵدا ئیمزا بکات و چاوەڕێ دەکات لە سەرەتای وەرزی داهاتوو کێبڕکێیەکی تەندروستی لەسەر دروست ببێت و بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات.

ئەو بەرگریکارە پورتوگالییە لەگەڵ یانەی شاهانە چەندین نازناوی گەورەی بەدەستهێناوەو یەکێك بووە لەو ئەستێرانەی راهێنەرە یەك لەدوای یەکەکانی ریال مەدرید پشتیان بە توانا کانی بەستووە.



# پێنجەمین پاڵەوانێتی خێرای شەترەنجی خانزاد بەڕێوەچوو



لە میانی زنجیرە پاڵەوانێتییەکانی یانەی شەترەنجی خانزاد کە لە شەوانی مانگی رەمەزانی پیرۆز ئەنجامی دەدات، پێنجەمین پاڵەوانێتی خێرای شەترەنجی خانزاد بە بەشداری ٤٦ شەترەنجزانی کوڕ و کچ بەڕێوەچوو. لەم پاڵەوانێتییەدا کە شەترەنجزانان لە شارەکانی کوردستان و عێراق و سووریا و میسر و ئێران بەشدارییان تێداکردبوو، رکابەرییەکی بەهێز لەئارادا بوو، بەو پێیەی پاڵەوانێتییەکە لەلایەن یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییەوە تۆمارکراوە و پشتی پێ بەستراوە، ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی شەترەنجی عێراقی. هاوکات لە پێنجەمین پاڵەوانێتی خێرای شەترەنجی خانزاد کە بە شێوازی سویسری ٩ راوند بە کاتی ٣ خولەك و زیادکردنی ٢ چرکە بۆ هەر جووڵەیەك بەڕێوەچوو، دەستەیەکی ناوبژیوانانی کوڕ و کچ بە سەرپەرشتیی ئەسعەد ئیسماعیل رێکخەری نێودەوڵەتی شەترەنج سەرکەوتووانە پاڵەوانێتییەکەیان بەڕێوەبرد، لە کۆتاییشدا دیاری و خەڵات بەسەر براوەکان و ناوبژیوانان دابەشکرا و لە هەمان کاتیش وەك رێزلێنانێك لە ئەسعەد ئیسماعیل رێکخەری نێودەوڵەتی کە رۆڵی سەرەکی هەیە لە پشتبەستنی ئەو پاڵەوانێتییانە لە یەکێتی نێودەوڵەتی شەترەنج، قەلغانی پاڵەوانێتییەکە لەلایەن دڵزار حەمەساڵح سەرۆکی یانەی خانزادی پێبەخشرا، ئەنجامی پاڵەوانێتییەکەش بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

کوڕان: دیدار محەمەد، زاهیر حوسێن، عەلی حوسێن، بەهەزاد زینەدین، نەبیل عەزیز - کچان: کازیوە سەلاح، هێڤی هیوا، مینا وەجدی، هانا هاوار.



# سەورە هەوڵی گەیشتن بۆ خولی عێراق دەدات

یانەی سەورەی شاری کەرکووك ئەمساڵ جیاواز لە ساڵان بە راهێنەرێکی لاو و کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانا خەونی ئەوەی هەیە بگاتە ریزی یانە گەورەکانی عێراق، کارگێڕی یانەکەش بەر لە دەستپێکردنی خولی پلە یەکی عێراقی و پلە یەکی کوردستان گرێبەستێکی لەگەڵ راهێنەر و یاریزانی پێشووی یانەکە یاریزانی پیشەگەر دارا محەممەد مۆر کردووە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەمساڵ جیاواز بێت لە ساڵەکانی تر، ئەم راهێنەرە لاوەش لە یەکەم ئەرکی توانی تیپەکە سەربخات بۆ خولی پلە نایابی کوردستان و عێراق، لەم بارەشەوە دارا محەممەد بە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دوای ئەوەی کارگێڕیی یانەکە کۆبووەتەوە، لە نێو پێنج راهێنەر منیان هەڵبژارد بۆ راهێنەرایەتی یانەکە، هیوای گەیشتن بە خولی پلە نایابی کوردستان و عێراقیشمان هەبوو، کە توانیمان بە هیممەتی هەموو لایەك لە کۆمەڵەی کوردستان سەرکەوین بۆ یارییەکانی قۆناخی داهاتوو، لە خولی عێراقیش گۆڕانکاریم کردووە لە ریزی یاریزانان و چەند یاریزانێکم لە یانەکانی دیکەوە هێناوەتە ریزی یانەکەمان، خۆمان ئامادە دەکەین بۆ هەردوو خولی عێراقی و کوردستانن ئامانجیشمان ئەوەیە لە خولی پلە یەکی کوردستانیش سەربکەوین و یانەکە بگەیەنینەوە خولی یانەکانی پلە نایاب و لە عێراقیش قۆناخی باشمان بڕیوەو تەنیا چەند هەنگاوێکمان ماوە پێنج یاریزانمان هێناوە و مەشقەکانیشمان بەردەوامە بۆ گەیشتن بە خولی عێراقی، هەرچەندەمن ماوەیەکی کەمە وازم لە یاریکردن هێناوە، چونکە کە هاتمەوە لە دەرەوەی عێراق چەند یانەیك بۆ خولی عێراقی پێیان گوتووم یاری بکەم، لە وڵاتی مالیزیاش یاریم دەکرد لە یانەی سیدار سیتی پلە نایاب بوو، بۆیە تەمەنیشم زۆر بوو، بۆیە بڕیارم دا بگەڕێمەوە بۆ کەرکووك لەم شارە خزمەت بکەم.



# یانەی بایرن میونخ فانێکی هاندەرانی لە کوردستان دەکاتەوە

کۆمەڵێك گەنج لە شاری هەولێر بۆ یەکەمجار کارێکی جیاوازیان کردووە ئەویش بە کردنەوەی فان کوردستان بۆ کردنەوەی هاندەرانی یانەی بایرن میونخ لە شارەکانی کوردستان و بوون بە گەورەترین فان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و لە ماوەیەکی کورتیشدا یانەی بایرن بە فەرمی وەڵامی ئەو فانە دەداتەوە، دامەزرێنەرانی ئەو فانە لە ئێستاوە هەوڵی ئەوە دەدەن کەوا لە داهاتوو ژمارەیەك لە هەوادارانی ئەو یانە ئەڵمانییە لەکوردستان ببەنە یاریگای ئەرینا و ئەڵمانیا و قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانانیش لە شاری هەولێر بکەنەوە. لە بارەی دامەزراندنی ئەو فانە دکتۆر دلێر کوردە رواندزی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «خۆم لە ساڵی ١٩٨٦وە هاندەری بایرن و هەڵبژاردەی ئەڵمانیام و ئەو بیرۆکەیەم لەمێژە هەبوو، بەڵام بواری ئەکادیمیم رێگای نەدەدا پەیوەندیی راستەوخۆ بە بایرنەوە بکەم، لە کاتی پشووەکەی مانگی سێ لە رێگەی چەند فانێکەوە کە فانی رەسمین لەلایەن بایرنەوە دانیان پێدا نرابوو، توانیم پەیوەندی بە سەرۆکی فانەکەوە بکەم و ئیمەیلم بۆ کردن، ئەوانیش زۆر رێزی ئیمەیلەکەیان گرت و ئامادەیی هاوکارییان دەربڕی، ئیتر فۆڕمیان بۆ ناردم و پڕم کردەوە و پەیوەندیشم بە چەندین هاندەری بەئەمەکی بایرن کرد لە کوردستانن و خاوەن پەیجی گەورەن لە کوردستان، ئەوانیش کاك دابان و کاك حوێز هەروەها چەند برادەرێکی تریش هاوکار بوون وەکو سەبری و سروشت و مامۆستا زانا و عومەر و دانەر و ئەسام جەباری، توانیمان نەخشەڕیگایەك دابنێین بۆ کۆکردنەوەی هەموو هاندەرانی بایرن میونشن لە کوردستان.» گوتیشی: «لە بەرواری ٣ ی ئازار نامەیەکم بۆ هات بە ژمارەی ٩٩٩٠٦٢٤١ فان کلاب یان پێبەخشین و وتیان دەتوانن بە فەرمی کارەکانتان بکەن و خەڵك بکەن بە ئەندامی فانەکەتان و ئیشمان لەسەر ئەوە کرد، خەڵك بکەینە ئەندام کە رۆژانە داخلی سیستەمی ئەوانی دەکەین، ئەوە بوو لە بەرواری ١٠ی مانگی ئازار دانیان پێدانایین وەکو فانێکی بایرن لە ژێر ناوی Kurdistan fans، ئێستا دەتوانن زانیاری وەرگرن لەسەر ئەو فانە کە لەلایەن بایرنەوە داخلی سیستەم کراوە، ئەوەی خوارەوەش دەقی دانپێدانانەکەیە: «گرنگیی دامەزراندنی فان لەوەدایە دەتوانی بە شێوەیەکی سەردەمییانە هاندەرانی خۆت کۆ بکەیتەوە لە شوێنێکی گشتی و هانی یانەکەت بدەیت، بایرن زۆر گرنگیی بە فان دەدات، تەنانەت ئەوان ژمارەی ١٢ ناپۆشن، چونکە باوەڕیان وایە کە جەماوەر یاریزانی ژمارە دوانزەیە. هەروەها بایرن زۆر گرنگی بە گیانی وەرزشی دەدات، چونکە لە کۆتاییدا یاریکردن بردنەوەو دۆڕاندنی تێدایە، ئێمەش لە کوردستان لە رێگەی ئەو فانەوە دەمانەوێت وا لە خەڵك بکەین کە رازی بێت بەوەی کە بردنەوەو دۆڕاندن چێژی خۆی هەیە. ئیمڕۆ دەکەوین، بەڵام بەیانی هەڵدەستینەوە و هانی یانەکەشمان دەدەین بەبێ هەست بریندارکردنی کەسانی تر.» لە کۆتاییدا سەبارەت بە کارو بەرنامەی خۆیان گوتی: «ئێمە خێراترین فان بووین کە لەماوەی یەك هەفتە دانیان پێدانایین، کەچی ئەوەی عراق لە ٢٠١١ پێشکەشیان کردو لە ٢٠١٣ دانیان پێدانان، لە کوردستانیش هیچ فانێکی رەسمی نییە هی یانەکانی تر جگە لە ئێمە نەبێت. هیواداریین چالاکییەکانمان بەرفراوان بکەین و لە زووترین کاتیشدا کۆمەڵێك هاندەری کورد ببەینە ناو ئالیانز ئەرینا و تەنانەت داوا لە ئیدارەی بایرن بکەین کە ئەکادیمیای وەرزشی لە کوردستان بکاتەوە بۆ پێگەیاندنی لاوان کە ئێستا لە چین چەندین ئەکادیمیایان داناوە، چونکە گەورەترین فانیان لە چین هەیە کە خۆی لە نەوەت ملیۆن کەس دەدات.»

